# توێژینەوەیەكی بەراوردكاری لەنێوان حكومەتی هەرێم وحكومەتی سوید
# تەنهاخاڵی هاوبەشیان تەمەنی سەرۆك وەزیرەكانیانە ...........

بەپێی یاسای خانەنشینی پێویستە پێنج وەزیر وجێگری سەرۆك وەزیر خانەنشین بكرێت

تێرامانێك لەبەردەم هەبوونی 42 وەزارەت لە(هەرێمێكی ) 5 ملیۆن هاوڵاتی و
،!؟ هەبوونی تەنها 22 وەزارەت لە(وڵاتێكی ) 9 ملیۆن هاوڵاتیدا.

***كامەران ئیسحاق پەری***

*سوید*

ئەم بابەتە توێژینەوەیەكی بەراوردكاری یە لەنیوان دوو حوكمەت كەلەیەك كاتدا لەدوو شوێنی جیاواز لەدووكۆمەڵگای نامۆ بە یەكدی فەرمانرەوا دەكەن یەكێكیان (دەسەڵاتی سیاسی كوردستان)ە كەبۆماوەی 16 ساڵ فەرمانرەوا دەكات،ئەوی تریان حكومەتێكە بۆ یەكەمین جار لەمێژووی هاوچەرخی فەرمانرەوای سوید دا چوار پارتی ئۆپزسیۆن كە بە (ئەلیانس ) باڵی لیبراڵ ناسراون دەسەڵات دەگرنە دەست ولەپارتی سۆسیاڵ دیموكرات وهاوپەیمانەكانی بەرێژەی %52بەرامبەر% 48 لە هەڵبژاردنە كاندا سەركەوتن بەدەست دەهێنن ولەساڵی 2006دا هەردووكیان حكومەتیان پێكهێناوە.

پێكهاتەوناوی وەزیروەزارەتەكان لەئەنجومەنی وەزیرانی سویدی پێكهێنراو لە17 ی ئۆكتۆبەری 2006 دا

| ناوی وەزیر | تەمەن ـ رەگەز | شوێنی لەدایكبوون | جێگەی لەناوحكومەتدا ئێستا | پیشە وپسپۆری ـ كاری پێشوتر |
|---|---|---|---|---|
| 1ـ فرێدریك راینسفێلد | 41 ساڵ ـ نێر | شارۆچكەی تێبی | سەرۆك وەزیران | ئیكونۆمی سڤیل ـ ئەمینداری گشتی پارتی مۆدێرات |
| 2ـ سیسیلیا مالمسیتۆم | 38 ساڵ ـ مێ | شاری یۆتۆبۆری | وەزیری ـ یەكێتی ئەوروپا | پسپۆری سیاسی نێودەوڵەتی ئەندام پەرلەمانی یەكێتی ئەوروپا |
| 3ـ یۆران هیۆگلاد | 47 ساڵ ـ نێر | بانكێرید | وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی | ـ راوێژكاری سیاسی وتەبێژی پارت كرستیان دیموكرات |
| 4 ـ ماریا لارشۆن | 50 ساڵ ـ مێ | گنۆسو | وەزیری تەندروستی كۆمەڵ | مامۆستا ـ ئەندام پەرلەمان |
| 5 ـ ریستیناهیوسمارك | 59 ساڵ ـ مێ | كۆگۆد سڤالۆڤ | وەزیری زەمانی ئیجتیماعی | پەیمانگای تەندروستی ـ ئەندام پەرلەمان |
| 6 ـ ماودئولوف سۆن | 51 ساڵ ـ مێ | هیوگ فۆرس | وەزیری ـ بەرهەم هێنان وپیشەسازی | راوێژكاری ـ سەرۆكی پارتی گەلی لیبرا |
| 7 ـ ئۆساتۆرستینسۆن | 48 ساڵ ـ مێ | ستۆكهۆڵم | وەزیری پەرەپێدانی ژێرخانی كۆمەڵ | توێژكاری كۆمەڵایتی ئەندام پەرلەمان |
| 8 ـ پاتریسائاسك | 50 ساڵ ـ مێ | ستۆكهۆڵم | وەزیری داد ـ | ئابوری ناس ئەندام پەرلەمان وەزیرلەحكومەتی پێشودا |
| 9 ـ تۆبیاس بیلستریۆم | 32 ساڵ ـ نێر | مالمێۆ | وەزیری پەناهەندە. | بەرێوبەریەری مەلەفی گشتی پەناهەندە |
| 10ـ ئیسكی لێرلاندشۆن | 49 ساڵ ـ نێر | لیۆنگبی كۆمون | وەزیری كشتوكاڵ | ـ پسپۆر لەكشتوكاڵدا ئەندام پەرلەمان |
| 11 ـ سیسیلیا ستێگ چیلۆ | 47 ساڵ ـ مێ | برووما | وەزیری رۆشنبیری ـ جۆرنالیست | بەرێوبەری گشتی بەرێوبەریەتی هاندانی كەرتی تایبەت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 ـ مایکل ئۆدمبێرگ | 52ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری بەرگری | خاوەن کۆمپانیا. ئەندام پەرلەمان |
| 13 ئەندریاسکارلگران | 48 ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری ژنگە | بازرگان وتەبێژی پارتی سەنتەر |
| 14 ـ ئەندێرس بۆرگ | 38 ساڵ ـ نێر | کاترینا‌هۆڵم | وەزیری ئابوری | ئابوری جیهان بەڕیوبەری دارای |
| 15 ـ ماتاس ئۆدیال | 59 ساڵ ـ نێر | تێبێ | وەزیری شارەوانی وبازاری ئابوری | وەزیر ـ ئەندام پەرلەمان |
| 16 ـ سڤین ئۆتیالیتۆن | 40 ساڵ ـ نێر | لیدینگۆ | وەزیری کار | ئابوری مەدەنی ـ پراکتیزەکردنی کار |
| 17 ـ کارل بیلدیت | 57 ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری دەروە | دیبلۆمات ـ وەزیر. سەرۆکی لیژنە |
| 18 ـ ماریا بۆرۆلس | 46 ساڵ ـ مێ | دیۆرس هۆلم | وەزیری بازرگانی | نوسەری ئابوری ـ ڕۆژنامەنووس ـ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاوێژ |
| 19 ـ گونیلاکارلسۆن | 43 ساڵ ـ مێ | تیریسیۆ | وەزیری گەشەپیدانی ئابوری | سڤیل ئیکۆنۆمی ـ ئەندام پەرلەمان |
| 20 ـ لارس لیۆن | 56 ساڵ ـ نێر | ستۆکهۆڵم | وەزیری خوێندنی بالآ | بەکالاریۆس کۆمەڵناسی ـ وتەبێژی ڕەسمی پارتی گەل |
| 21 ـ یان بیرکولوند | 44 ساڵ ـ نێر | بروما | وەزیری قوتابخانە | بەڕیوبەری ئۆفیسی پیشەییەکان |
| 22 ـ نیاماکۆ سامبۆنو | 37 ساڵ ـ مێ | ستۆکهۆڵم | وەزیری پێکەوەژیانی یەکسان | ڕاوێژکار ـ ئەندام پەرلەمان |

پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانی حوکمەتی هەرێم ی کوردستان: لە8 ی مای 2006

| وەزیر | تەمەن | شوێنی لەدایک بوون | پیشە. پسپۆری | کاری پێشوتر |
|---|---|---|---|---|
| 1 ـ عوسمان حاجی مەحمود | 44 ساڵ ـ 1963 | کفری ـ گەرمیان | خوێندنی ناوەندی ـ پێشمەرگە | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| 2 ـ عەبدولکەریم سولّتان | 57 ساڵ ـ 1950 | شنگال ـ دهۆک | کۆلیژی یاسا ـ | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| 3 ـ سەرگیزئاغاجان مامەندۆ | 45 ساڵ ـ 1962 | دیانە. هەولێر | کاسب ـ پێشمەرگەی پارتی | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| 4 ـ بایز سەعیدتاڵەبانی | 63 ساڵ ـ 1944 | کەرکوک | پێشمەرگە | وەزیر ـ ئیدارەی مالی ی ن ک |
| 5 ـ فاروق جەمیل سادق | 62 ساڵ 1945 | هەولێر | کۆلیژی یاسا ـ | وەکیل وەزیر ـ ئیدارەی سلێمانی |
| 6 ـ ئازادعیزەدین مەلائەفەندی | 58 ساڵ ـ 1949 | هەولێر | بەکەلۆریسۆ یاسا ورامیاری | وەزیری کشتوکاڵ ـ ئیدارەی هە |
| 7 ـ عومەرعوسمان (زەعیم) | 58 ساڵ ـ 1949 | هەولێر | کۆلیژی سەربازی | کادیری حیزبی ـ پێشمەرگە |
| 8 ـ جەعفەرمستەفا | 57 ساڵ ـ 1950 | قەرەداغ ـ سلێمانی | خوێندنی ئامادەی | پێشمەرگە کادیری حیزبی |
| 9 ـ بورهان سەعیدسۆفی | 45 ساڵ 1962 | هەولێر | خوێندنی ئامادەیی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزبی |
| 10 ـ دڵشادعەبدولرەحمان | 48 ساڵ ـ 1952 | سلێمانی | دکتورا لەبواری کشتوکاڵ | بەڕیوبەری پەیمانگا. سەرۆکی |
| 11 ـ عەبدوڵرەحمان عوسمان | 53 ساڵ ـ 1954 | کەرکوک | پزیشک ـ | کارکردن لەنەخۆشخانە |
| 12 ـ عەدنان محەمەدقادر | 51 ساڵ ـ 1956 | کەلار ـ گەرمیان | خوێندکاری زانکۆی سلێمانی | پێشمەرگە. کادیری حیزبی |
| 13. محەمەدئەحمەدشاکەلی | 62 ساڵ ـ 1944 | کەرکوک | دبلۆم لەزمانی عەرەبی | وەزیر. ئیدارەی سلێمانی |
| 14 ـ تەحسین قادر | 48 ساڵ ـ 1959 | سلێمانی | ئەندازیار | وەزیر. وەکیل وەزیر |
| 15. عیمادئەحمەدسەنیور | 52 ساڵ ـ 1952 | خانەقین | دبلۆم ـ پەیمانگای تەکنیکی بەغا | جێگری سەرۆک حکومەت ـ |
| 16 ـ عوسمان ئیسماعیل | 50 ساڵ ـ 1957 | هەولێر | بەکالۆریۆس ئیدارونیقتیساد | وەزیری شارەوانی |
| 17 ـ یوسف محەمەدعەزیز | 50 ساڵ ـ 1957 | ئاکرێ ـ دهۆک | بەکهالۆریوس ـ پزیشکی | دامەزرێنەری ڕێکخراو |
| 18 ـ ئیدریس هادی ساڵح | 55 ساڵ ـ 1952 | هەولیر | دکتۆرا. ئەندازیاری کارەبای | وەزیر لەحکومەتی ئێراقی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 19 ـ عەبدول عەزیزتەیب | 53 سال ـ 1954 | دهۆک | خانەی مامۆستایان | پاریزگار- وەزیری پەروەردە |
| 20 ـ چنارسەعد عەبدوڵا | 33 سال ـ 1974 | هەولێر | بەکالۆریۆس کۆمەڵناسی | ڕۆژنامەنوس (خەبات گوڵان) |
| 21 ـ فەلەکەدین کاکەیی | 64 سال ـ 1943 | دبس ـ کەرکوک | خوێندنی ئامادەی | نوسەر- وەزیر- کادیری حیزبی |
| 22. وشیارعەبدوڵرەحمان | 51 سال ـ 1956 | سلێمانی | ماستەر- سەرچاوەئاویەکان | کادیری حیزبی |
| 23 ـ ئاشتی هەورامی | 49 سال ـ 1958 | بیارە ـ سلێمانی | دکتۆرا | کادیری حیزبی |
| 24 ـ نازەنین محەمەدوسو | 48 سال ـ 1959 | هەولێر | ئەندازیار | وەزیر لەسالی 1996 وە |
| 25 ـ تەهاعەبدولرەحمان | 45 سال 1962 | ئامێدی ـ دهۆک | زانستەسیاسییەکان | نوێنەری حکومەت لەئەورویا |
| 26 ـ محەمەدئیحسان | 42 سال ـ 1965 | زاخۆ ـ دهۆک | دکتۆرا | وەزیری مافی مرۆڤ |
| 27 ـ محەمەدرەئوف محەمەد | 46 سال ـ 1961 | هەڵەبجە- سلیمانی | شەریعە- زانستەسیاسیەکان | کادیری حیزبی ـ یسلامی |
| 28 ـ ودادخورشید عوسمان | 60 سال ـ 1947 | هەولێر | دبلۆم ـ تەکنیکی | سەرۆکی ئۆجاغی برایەتەی تورک |
| 29 ـ دارامحەمەدئەمین | 40 سال ـ 1967 | ماوەت ـ سلێمانی | ماجستێریاسای نێودەوڵەتی | ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ |
| 30 ـ نەمرودبەسیۆ یۆحەنا | 55 سال ـ 1952 | دهۆک | بەکالۆریۆس ئەندازیاری | سەرۆکی پارتی مەسیحی |
| 31. حەیدەرشێخ عەلی | 60 سال ـ 1947 | بەغداد | پەیمانگای پێشەسازی | کادیری حیزبی ـ وەزیر |
| 32. ئەبوبەکر عەلی | 39 سال ـ 1968 | سلێمانی | کۆلێژی یاسا | ئەندامی (م،س) یەکگرتوو |
| 33 ـ جینان قسام | 38 سال ـ 1969 | بەغداد | پزیشکی ددان | پزیشک |
| 34. جۆرج یوسف مەنسور | 55 ـ سال ـ 1952 | کەرکوک | ماستیری ڕاگەیاندن | بەریوبەری تەلەڤیزۆنی عشتار |
| 35 ـ دەخیل سەعیدقسام | 56 سال ـ 1951 | شنگار- دهۆک | پزیشکی | دکتۆری نەشتەگەری ـ ئیزیدی |
| 36. محەمەدحاجی مەحمود | 52 سال ـ 1955 | خورماڵ شارەزور | سیایسی | سەرۆکی حیزبی سۆسیالست |
| 37. مەحمودعیدۆ | 45 سال ـ 1962 | شنگار- دهۆک | ئەندازیار | کادیری حیزبی ـ نوێنەری ینک |
| 38 ـ سەعیدخالدمحەمەد | 44 سال 1963 | هەولێر | پێشمەرگە | کادیری حیزبی زەحمەتکێشان |
| 39 ـ عەبدوڵەتیف بەندەر | 70 سال ـ 1937 | کەرکوک | نوسەر- کادیری حیزبی | ڕاوێژکاری تاڵەبانی 2005 |
| 40 ـ مەدحەت مەندەلاوی | 56 سال 1956 | زرباتییە | کادیری حیزبی | کادیری حیزب |
| 41 ـ عومەرفەتاح | 64 سال ـ 1943 | ماوەت ـ سلێمانی | پێشمەرگە ـ کادیری حیزب | سەرۆکی حکومەت ئیدارەی ینک |
| 42 ـ نێچیرڤان بارزانی | 41 سال ـ 1966 | بارزان ـ دهۆک | کادیری حیزب | سەرۆکی حوکمەت ئیدارەی پدک |

## سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

* نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

تەمەن 41 سال (لەدایکبووی سالی 1966 ـ دێی بارزان) پیشە وپسپۆری (کادیری حیزبی)

کاری پێشوتر ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پدک

ـ سەرۆک وەزیران ئیدارەی هەولێر لەسالی 1999 ـ 2006

بۆیەکەم جارکەبۆتە سەرەک وەزیران لەسالی 1999 دابوەئەوکات تەمەنی 33 سال بوە ،تاسالی 2010 کەماوەی یاسای کابینەکەی بەسەردەچیت دەکاتە11 سال سەرۆک وەزیرانی هەرێم بوە .

* فرێدریک راینس فێلد سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران

تەمەن 41 سال لەدایک بووی سالی 1966 ـ شاری تێبی پیشە وپسپۆری (سڤیل ئیکۆنۆمی )

کاری پێشوتر سەرۆکی پارتی مۆدێراتی سوید

ـ بۆیەکەم جارە دەبیتەسەرەک وەزیرانی سوید ماوەی متمانەبەحکومەتەکەی لەسالی 2010 داتەواودەبیت ئەگەرجارێکی ترهەڵیش بژێریتەوە بۆ سەرۆک وەزیران دەکاتە 8 سال سەرۆک وەزیران.

## جێگری سەرۆک ئەنجومەنی وەزیران

* . عومەر فەتاح حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

تەمەن 64 سال (لەدایکبووی سالی 1943 ـ ماوەت) پیشە (کادیری حیزبی )

کاری پێشوتر ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ینک)

ـ سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی 2002 ـ 2006

بۆیەکەم جار کەبۆتە سەرۆک وەزیران ئیدارەی سلێمانی تەمەنی 59 سال بوە ـ لەماوەی جێگری وەزیرایەتیدا تەمەنی یاسای خانەنشینی تەواودەکات واتەلەسالی 2008 دا وبەرلەکۆتای هاتنی ویلایەتی حکومەت بەپێی یاسی خانەنشینی،تەمەنی دەبێت خانەنشین بکریت

- سەرنج " لەپێکهاتی ئەنجومەنی وەزیرانی سوید یدا جێگری سەرەک وەزیران نی یە.

## ڕەگەزی مێ لەمەڕ بووحکومەتدا

ـ لەحکومەتی سویدیدا لەکۆی (22 ) وەزارەت ( 10 ) وەزارەت بەدەست ڕەگەزی (مێینە)وەویە ئەم بەشداریکردنە % 45 پێکدەهێنێت 12 وەزارەتیش کەدەکاتە % 55 بەدەست ڕەگەزی (نێرینە)وەیە

ـ لەحکومەتی کوردستاندا لەکۆی(42 ) وەزارەت تەنها (3) وەزیر ڕەگەزی (مێینە)ن لەوسێ وەزیرە یەکێکیان وەزیری هەرێم ی بێ وەزارەتە. وەزیرەکانیش ئەمانەن

1 ـ چنار سەعد عەبدولا وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفاڵکراوەکان (کچی شەهید سەعدعەبدولا) پیشە ڕۆژنامەنووس

2ـ نازەنین محەمەدوسو وەزیری شارەوانی ـ پیشە لەساڵی 1996 وەزیرە لەئیدارەی هەولێر

3ـ جنان قسام وەزیری هەرێم ) پیشە پزیشک

ئەم بەشداری پێکردنەش ڕێژی % 7 پێکدەهێنێت و 39 وەزارەت کەدەکاتە لە93% بەدەست ڕەگەزی نێرینەوەیە.

سەرنج :

لەکابینەی حکومەتی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید بۆساڵی 1998ـ 2002 بەهەمان شێوە 10 وەزیرە لەکۆی 22 وەزارەت ژن بوە.

بەڵام لەکابینەی حکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێر بۆساڵێ 1999ـ 2006 لەکۆی 26 وەزارەت تەنها (1) وەزیرە ژن بوە کەئەویش نازەنین محەمەدوسو وەزیری (ئەشغاڵ ونشتەجێکردن) بوە .

## قەوارەی حیزبەکان لەناوحکومەتدا :

*ـ لەناوحکومەتی هەرێمی کوردستاندا*

16 وەزارەت بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ، بەجێگری سەرۆک وەزیران هوەرێژەی % 38 پێکدەهێنیت

16 وەزارەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان،بەسەرۆک وەزیرانەوە ڕێژەی 38% پێکدەهێنێت

10 وەزارەت بۆ باقی حیزب ولایەنەکوردستانیەکان کەئەمانە ناوەکانیانە .(یەکگرتوی ئیسلام 2 وەزارەت ـ حیزبی شویعی 1 وەزارەت ـ مەسیحی 2 وەزارەت ئیزێدی 1 وەزارەت ـ سۆسیالیست 1وەزارەت ـ زەحمەتکێشان 1 وەزارەت ـ کۆمەڵی ئیسلامی 1 وەزارەت ـ تورکمان1 وەزارەت .) ئەم بەشداری کردنە بەهەموویانەوە % 24 پێکدەهێنێت.

بەم پێیە یەکێتی وپارتی پێکەوەلە% 76 ی وەزارەتەکان بەدەست دەگرن وتەنها% 24 بۆ لایەنە وحیزبەکانی تری هاوپەیمان

قەوارەوی حیزبەکان ودابەشبوونی یان لەناوحکومەتی هاوپەیمانی (ئەلیانس) ی سویدی

11 وەزارەت بۆ پارتی سەرکەوتو لەهەڵبژاردنەکاندا پارتی مۆدەراتی سویدی بەسەرۆک وەزیرانیشەوە % 50

4 وەزارەت بۆ سەنتەر(پارتی چەقی سویدی ) هاوپەیمان لەگەڵ پارتی مۆدیرات 18%

4 وەزارەت بۆ پارتی (گەلی سویدی ) هاوپەیمان لەگەل پارتی مۆدێرات % 18

3 وەزارەت بۆ پارتی( کریستیان دیموکراتی سویدی ) هاوپەیمان لەگەڵ پارت مۆدێرات.14%

## وەزیرە پەرلەمانتارەکان :

ـ لەحکومەتی هەرێمدا لەکۆی 42 وەزارەت تەنها 2 وەزیرپێشتر پیشەی ئەندام پەرلەمان بوەوکاندید کراوە بۆ وەزارەت (ئەو دوو وەزیرەش( چنارسەعد عەبدولاـ محەمەدحاجی مەحمود)ن

ـ لەحکومەتی سویدیدا 9 وەزیر لەکۆی 22 وەزیرپێشتر پیشەی ئەندام پەرلەمان بوون و لەپەرلەمانەوە کاندیدکراون بۆپێکهێنانی حکومەت.

ئەمەلەکاتێکدا بەپێچەوانەی حکومەتی سویدی حکومەتی هەرێم 19 وەزیر لەکۆی 42 پێشتر( وەزیرـ جێگرسەرۆک ـ سەرۆک وەزیران) بوە ئەم ڕێژەیەش 45% ی وەزارەتەکان پێکدێنێت.

لەحکومەتی سویدیدا تەنها3 وەزیر پێشترلەحکومەتەکانی پێشودا پلەی وەزیریان هەبوە ئەم ڕێژەیەش % 14 وەزارەتەکان پێکدێنێت .

## تەمەن لەپێکهاتەی حکومەتدا

تەمەنی وەزیرەکان ی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێژە%ی سەدی

30 ـ 39 ساڵ ، 3 وەزیر 7 %

40 ـ 49ساڵ ـ 14 وەزیر 33 %
50 ـ 59 ساڵ ـ 17 وەزیر 40 %
60 ـ 70 ساڵ ـ 8 وەزیر 19%
کۆی گشتی 42

ـ بەم پێیە 8 وەزیری حکومەتی هەرێم لەکاتی ماوەی وەزیرایەتیاندا کاتی یاسای خانەنشینی تەوادەکەن یاخودتەواکردووەودەبیت خانەنشین بکرێن. 17 وەزیریش تەمەنی لەسەروپەنجاساڵەوەیە ولە% 40 پێکهاتەکەپێکدەهێنێت

ـ ڕیژەی بەشداری پێکردنی لاوان خوارتەمەن 40 ساڵ لەحکومەتی هەرێمدا %7 ی وەزارەتەکان پێکدێنێت

تەمەنی وەزیرەکانی حکومەتی سوید

ڕیژەی سەدی%
30 ـ 39 ساڵ ـ 4 ـ وەزیر 18 %
40 ـ 49 ساڵ ـ 10 وەزیر 45 %
50 ـ 59 ساڵ ـ 7 ـ وەزیر 36 %
60 ـ 70 ساڵ (نییە)........................ 0% کۆی گشتی 22

ـ بەم پێیەش هیچ کام لەوەزیرەکان ی حکومەتی سویدی تاکاتی تەواوبوونی ویلایەتی حکومەت تەمەنی یاسایی خانەنشینی نایانگرێتەوە شایەنی ئاماژەپێدانە تەنها2 وەزیر تەمەنی ئێستای 59 ساڵە تاساڵی 2010 کەکاتی تەواوبوونی ویلایەتەکەیانە تەمەنیان دەگاتە63 ساڵ واتە2 ساڵ دەمێنێت بۆخانەنشین بونیان.

ـ ڕیژەی بەشداری پێکردنی لاوان لەحکومەتی سویددا خوارتەمەن 40 ساڵ % 18 ی وەزارەتەکان پێکدێنێت

سەرنج :

- ئەوەشمان لەیادنەچێت کەحکومەتی سویدی تەنها22 وەزارەتە ،لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم 42 وەزارەتە.
- وەزیری وەرزش ولاوان لەحکومەتی هەرێمدا (تەهاعەبدولرەحمان بەرواری) کەپسپۆرەلەزانستەسیاسییەکان تەمەنەی 45 ساڵە.
- وەزیری ژینگەی سویدی (هۆمۆسێکسوایڵ) ە تەمەنی 48 ساڵە بەڵام وەزیری ژینگەی هەرێم ) ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەلی ئیسلامیەوماجستێری لەیاسای نێودەوڵەتی هەیەوتەمەنی 40 ساڵە.

***وەزیری بێ وەزارەت***

*ـ لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا* 9 وەزیر هەیە بەناوی (وەزیری هەرێم ) و هیچ وەزارەتێکی نییە ،شایەنی ئاماژە پێدانە لەو(9) وەزیری بێ وەزارەتە 7 دانەیان لەسەرلیست وحیسابی قەوارە وپارتی سیاسی ولایەنەکانی ترن

لێرەدا ناوەکانیان بڵاودەکەینەوە :

1 ـ مەحمود عیدۆ (ئیزێدی )2 ـ جۆرج یوسف مەنسور (مەسیحی ) 3 محەمەدحاجی مەحمود(سۆسیالیست) 4 ـ سەعدخالیدمحەمەد ـ(زەحمەتکێشان )5 ـ مەدحەت مەندەلاوی (عەرەب) 6 ـ عەبدوڵ لەتیف بەندەرئۆغلۆ (تورکمان) 7 ـ دەخیل سەعید (ئیزێدی ) 8 ـ جینان قاسم (عەرەب) 9 ـ ئەبوبەکر عەلی (ئیسلامی)

*ـ لەحکومەتی سویدیدا* هیچ وەزیرێک نییە وەزارەتی نەبێت وناوی وەزیری دەوڵەت بێت . بەڵام لەجێگەی ئەوە وەزارەتێک هەیەبۆ( پەرەپێدان وهاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی ) وەزیرەکەی ژنێکە ناوی (نیامکۆ سەبونا) تەمەن 37 ساڵ بەرەچەڵەک ئەفریقایی وپێشتر ئەندام پەرلەمانی سوید بوە سەربەلیستی (پارتی گەلی سویدیە)

ـ لەم سۆنگەیەوە ئەم نۆ وەزارەتەی حکومەتی هەرێم دەکرێت لەیەک وەزارەتدا کۆبکرێتەوەوناوی (پەرەپێدان وهاندانی پێکەوەژیان بەیەکسانی ) لێبنرێت ویەکێک لەو وزیرانە ببێت بەوەزیر و ئەوانی دی ببن بە بەرێوەبارایەتی ،لەناو وەزارەت لەجیاتی ئەوەی وەزیری بێ وەزارەت بن .

***شوێنی لەدایکبوونی وەزیرەکان بەپێی ناوچە***

لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا

هەولێر ـ 12 وەزیر ڕێژەی % 29 لەم 12 وەزیرە 10 وەزیر لەدایکبووی ناوشاری هەولێرە
سلێمانی 9 وەزیر ڕێژەی % 21 لەم 9 وەزیرە تەنها 5 وەزیر لەدایکبوی مەرکەزی سلێمانین
دهۆک 9 وەزیر ڕێژەی % 21

گەرمیان 10وەزیر ڕیژەی % 24
بەغداد 2 ڕێژەی % 5
کۆی گشتی 42 ڕێژەی % 100

لەحکومەتی سویدیدا

تەنها 7 وەزیر لەپایتەختی سوید ستۆکهۆڵم لەدایکبوون ئەم ڕیژەیەش % 28 پێکدەهێنێت
15 وەزیری تری سوید لە21 شاری جیاجیای سوید هاتون ئەم ڕێژەیەش % 72 پێکدێنێت
شایەنی ئاماژە پێدانە سویدخۆشی جگە لە موقاتەعەی ستۆکهۆڵم 21 مقاتەعەی هەیە. (لاندسکۆپەر)

پێکهاتەی وەزارەتەکان ـ ناوەکانیان بەپێی ڕیزبەندی حکومەت ی

| ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 2006 | ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتی سویــد 2006 |
|---|---|
| 1 ـ سەرۆک وەزیران | 1 سەرۆک وەزیران |
| 2 ـ جێگری سەرۆک وەزیران | نیەتی |
| 3 ـ وەزارەتی ناوخۆ | نیەتی |
| 4 ـ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ | نیەتی |
| 5 ـ وەزارەتی دارای وئابوری | 2 وەزارەتی ئابوری |
| 6 ـ وەزارەتی کاروباری دارای | 3 وەزارەتی کار |
| 7 ـ وەزارەتی کاروباری داد | 4 وەزارەتی کاروباری داد |
| 8 ـ وەزارەتی داد | 5. نیەتی |
| 9 ـ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | نیەتی |
| 10 ـ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | نیەتی |
| 11 ـ وەزارەتی گواستنەوە | نیەتی |
| 12 ـ وەزارەتی پەروەردە | 6 وەزارەتی (قوتابخانە) |
| 13 ـ وەزارەتی تەندروستی | 7 وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵ |
| 14 ـ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی | 8وەزارەتی کاروباری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی |
| 15 ـ وەزارەتی ئەوقاف | نیەتی |
| 16 ـ وەزارەتی دەرامەتەئاوییەکان | نیەتی |
| 17وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەونیشتەجێکردن | |
| 18 وەزارەتی پلاندانان | 9وەزارەتی نەخشە گەشەپێدانی ژێرخان |
| 19 وەزارەتی مافی مرۆڤ | نیەتی |
| 20 وەزارەتی خوێندنی باڵا | 10 وەزارەتی توێژینەوە بروانامەی باڵا |
| 21 وەزارەتی کشتوکاڵ | 11وەزارەتی کشتوکاڵ |
| 22 وەزارەتی ڕۆشنبیری | 12وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| 23 وەزارەتی سامانەسروشتیەکان | 13 وەزارەتی پیشەسازی ووەبەرهێنان |
| 24 وەزارەتی وەرزش ولاوان | نیەتی |
| 25وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم | 14 وەزارەتی دەرەوە |
| 26وەزارەتی بازرگانی | 15 وەزارەتی بازرگانی |
| 27وەزارەتی ژینگە | 16 وەزارەتی ژینگە |
| 28وەزارەتی گەشت وگوزار | نیەتی |
| 29وەزارەتی شارەوانی | 17 وەزارەتی شارەوانی وئابوری بازاڕ |
| نیەتی | 18 وەزارەتی کاروباری ئەوروپا |
| نیەتی | 19وەزارەتی زەمانی ئیجتیماعی (تەئمین) |
| نیەتی | 20 وەزارەتی بەرگری |
| نیەتی | 21 وەزارەتی پەناهەندە |
| نیەتی | 22وەزارەتی هاندانی پێکەوەژیانبەیەکسانی |

| | |
|---|---|
| 30 ـ 39وەزارەتی هەرێم وەزیری هەرێم | نیەتی |
| 40 وەزارەتی شەهیدو ئەنفالکراو | نیەتی |
| 41وەزارەتی کارەبا | نیەتی |
| 42 وەزارەتی گەیاندن | نیەتی |

بەپێی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت کە وڵاتی سوید 14 وەزارەت وپێکهاتەوکارەکتەری کابینە لەهەرێمی کوردستان کەمترە لەناویاندا (جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ـ وەزارەتی ناوخۆ. وەزارەتی کارەبا. وەزارەتی مافی مرۆڤ ـ وەزارەتی گواستنەوە. وەزارەتی گەیاندن ـ وەزارەتی گەشت وگوزار ـ وەزارەتی وەرزش ولاوان ـ وەزیری هەرێم ـ وەزارەت پێشمەرگە )

ـ لەکاتێکداکە سوید

وەزارەتی وەرزش ولاوانی نییە. دەچێتە مۆندیالەکان وخەڵاتی ئاڵتونیش بەدەست دەهێنێت..هتد

ـ وەزارەتی کارەبای نییە. کارەبا تەنها لەشەوی سەری ساڵ بۆماوەی 1 چرکەدەبڕێت

ـ وەزرەتی گواستنەوەو گەیاندنی نییە. پاس وشەمەندەفەر وهۆکانی تری گواستنەوە بێ دواکەوتن لەکاتی خۆیدا ئامادە دەبن

ـ وەزرەتی مافی مرۆڤی نییە ـ لەپێشەنگی وڵاتانی مرۆڤ ماف ناسراوە....هتد

لەبەرامبەریدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها 6 جۆر وەزارەت وناوهێنانی لە پێکهاتە سویدی ەکە کەمترە لەناویاندا ( وەزارەتی هاندانی پێکەوە ژیان بەیەکسانی ـ وەزارەتی پەناهەندە. وەزارەتی بەرگری ـ وەزارەتی زەمانی ئیجتیماعی ـ وەزارەتی کاروباری ئەوروپا. وەزارەتی کار)

سەرنج

- لەپێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانی سوید (کاروباری خوێندن وقوتابخانەکان ) بەناوی وەزارەتی (قوتابخانەکان) ە بەڵام لەپێکهاتەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەریم بەناوی (وەزارەتی پەرەوەردە) یە

## ناوی حکومەت

ـ ناوی حکومەتی سویدی (حکومەتی ئەڵیانس ) پێکهاتو لەپارتە ئۆپزسیۆنەکانی باڵی ڕاستی سویدی،بەڕابەرایەتی پارتی (مۆدەراتی نوێخوازی سویدی)

ـ ناوی حکومەتی هەرێم (حکومەتی هەرێمی یەکگرتوی کوردستان ) بەڕابەڕایەتی (ینک،پدک)

- ڕاپرسی لەسەریەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ئایا حکومەتی هەرێمی سلێمانی و هەولێر یەکی گرتۆتەوە ؟**




**کۆی دەنگەکان 1167 دەنگ**

سەرچاوە ی ڕاپرسی ماڵپەری کوردستان نیوز بۆهەواڵ (ئەرشیفی ڕاپرسیەکان)

## پەرلەمان وپێکهێنانی حکومەت لەوڵاتی سویدا

1 ـ بەپێی دەستوری وڵاتی سوید کەلەساڵی 1810 داداڕێژڕاوە ولەساڵی 1974 دا (یاسای فۆرمی حکومەت) ی تێدا نەخشراوە تەنها پەرلەمان بۆی هەیە متمانە لەحکومەت وەربگرێتەوە ئەگەربێت وحوکمەت لەڕێچکە نەگۆڕەکەی لەچوارچێوەی یاسی حکومەت دەربچێت وکاروباری خۆی وەک ئەوەی کەبۆی دیاری کراوە لەدەستوردا بەرێوە نەبات.

2 ـ سەرۆکی پەرلەمان داوا لەکاندیدی زۆرینەی پەرلەمان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی ،لەپاش پێکهێنان ومتمانەبەخشین بەحکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە ـ حوکمەت بۆیەکەم جارسەرۆکی وڵات دەبینێت کەپادشای سویدە .

شایەنی ئاماژە پێدانە بەپێی دەستوری وڵاتی سوید پادشای سوید جگە لەسونبول وفۆرمێک هیچ دەسەڵاتێکی فەرمانرەوای دەست ڕۆیشتوی نییە. وساڵانە تەنها چوار جار بۆی هەیە بێتە پەرلەمان ولەگەڵ حوکمەت دابنیشێت.

3 ـ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سویدی لە17 ی سێپتەمبەری 2006 بوە پارتەسەرکەوتوەکان لەهەڵبژاردندا کەبەلیستی (هاوپەیمانی باڵی ڕاست ناسرابوون )لەپاش 30 ڕۆژ حکومەتیان تەشکیلکردوە . بەپێ دەستورچوار ساڵ جارێک حکومەت هەڵدەبژێرێت.

## پەرلەمان وپێکهێنانی حوکمەت

## لەهەرێمی کوردستاندا

1 ـ بەپێی ڕەشنوسی هەرێمی کوردستان ،ماددەی سەددوو(سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندیدی زۆرینەی پەرلەمان بۆ پێکهێنانای کابینەی وەزارەت ڕادەسپێرێت)

2 ـ (سەرۆکی ڕاسپێدراوی ئەنجوومەنی وەزیران لیستی ناوی وەزیرەکان دەداتەسەرۆکی هەرێم بۆئەوەی ڕەزامەندی لەسەرنیشانبدات ) پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاسپێدراودوای متمانە لەپەرلەمان دەکات بۆ وەزارەتەکەی )

شایەنی ئاماژە پێدانە بەپێی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان بە18 مادە باس لەدەسەڵاتی دەست تێوەردان وبۆ هەبووی سەرۆکی هەریم لە بڕیارو چۆنیەتی فەرمانرەوای کردنی هەرێمی کوردستان دەکات

3 ـ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە 30 ی جانیوەری 2005 بوە پارتەسەرکەوتوەکان لەهەڵبژاردندا کەبەلیستی (نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان ـ 162 ) ناسرابوون حکومەتیان لە8 ی مای 2006 پێکهێنراوە واتە لەپا ش 455 ڕۆژ ئینجا حوکمەتی یەکگرتنەوە پێکهێنراوە. لەساڵی 1992 وە واتەلەپاش 16 ساڵ ئەمە دووهەمین پەرلەمانە متمانە دەدات بەحکومەت

سەرنج :

ـ ئەندامانی پەرلەمانی سویدی 349 ئەندام پەرلەمان ژمارەی ژن (مێ) ینە 149 پەرلەمانتار ڕێژەی بەشداربونیان % 43 پێکدەهێنن

ـ ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم 111 ئەندام پەرلەمان ژمارەی ژن (مێ ) ینە 25 پەرلەمانتار ڕێژەی بەشداربونیان % 22 پێکدەهێنن

---

بۆزانیاری زیاتر لەسەرئارشیفی کابینەوحکومەتی سویدی وهەرێمی کوردستان کابینەکانی پێشوتر پەیوەندی دەکرێت بەم ئیمایلە
kamaran_pary@hotmail.com